# گەشتێک بە ڕۆژنامەکانی تورکیادا (٨)

بەکر شوانی
bschwani@hotmail.com

## ڕۆژنامەی "یەنی شەفەق" ٢٠٠٣/٣/٧
## تەڵەی باکوری عێراق

**عەلی بایرام ئۆغلو:**

(ئایا لە باکوری عێراق چی ڕوودەدات؟ دەتوانین پێشهاتەکان بەمجۆرە کورت بکەینەوە: وا دەردەکەوێ کە ئەمەریکا بەڵێنی جیاوازی دابێت بە تورکیا و بە کوردەکانی عێراق بۆ قۆناغی دوای شەڕ. هێزی ٨٠ هەزار کەسی تاڵەبانی و بارزانی بەدەستوبرد لەلایەن ئەمەریکاوە پڕ چەک دەکرێ. نزیکەی ٢٠ هەزار پێشمەرگە کە لەلایەن ئەمەریکاوە مەشق دراون، بە کەرەسەی تەواوەوە بۆ هەرێمەکە ڕەوانە دەکرێن. لەلایەکی دی پەیامی لە جۆری "ئەگەر پشتیوانیمان لێنەکەن، ئەوە ڕوودەدات کە لێی دەترسن" لە واشنتۆنەوە دێت. بۆ نمونە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مارک گرۆسمان لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵێکی تورکی وتی: "هەلی بەشداریکردنی تورکیا لە ڕووداوەکانی عێراق و باکوری عێراقدا کەم دەبێتەوە. با سوپای تورک بەتەنیا نەچێتە باکوری عێراقەوە، هەرچەندە کە ناشتوانێت بچێت". هەروەها ئەنقەرە پێی وایە کە بەشدارنەکردنی تورکمانەکان لە دەزگاکانی ئۆپۆزسیۆن، ڕاگەیاندنەکانی پەرلەمانی کوردەکان لەدژی تورکیا، وشیارکردنەوەی دەزگاکان و شەقەمانەکانی هەرێمەکە لەبەرامبەر ئەگەری دەستێوەردانی تورکیا، کۆمەڵێک پێشهات و هاندانە کە لە واشنتۆنەوە سەرچاوە دەگرن. بەڵێ ئەم پێشهاتانە هۆی سەرەکی دەنگ هەڵبرینی جەنەراڵەکانی سوپایە. بەڵێ با واز بێنن، لە باکوری عێراق چی دەقەومێ با بقەومێ. تورکیایەکی دیموکرات و خاوەن هاوسەنگی ناوخۆیی بە هیچ جۆرێک ناکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەڕەشەکان و داوای ئەمەریکا بۆ سەرنەوی کردن پوچەڵ دەکاتەوە و ڕەوایی زیاتر بەدەست دەخات).

---

## ڕۆژنامەی "ئاکشام" ٢٠٠٣/٣/٧
### کوردەکان پێویستە لەدوای شەڕ ببن بە میوانی شانازی

**هەواڵ:**

(چاپەمەنی ئەمەریکا کە نارەزایی لەدژی بڕیاری پەرلەمانی تورکیا دەربڕی، ئێستا پشتیوانی لە کوردەکانی باکوری عێراق دەکات. واشنتۆن پۆست دەنوسێ کە پێویستە سیاسەتمەدارانی تورک لێپرسراوێتی بڕیارەکەیان وەئەستۆ بگرن و دەڵێ "کوردەکان و عەرەبەکان لە جیاتی ئەوەی پاشکۆی دیکتاتۆرەکان و جەنەراڵەکانی تورکیا بن، دەبێ لەدوای سەرکەوتن میوانی شانازی بن.

ڕۆژنامەکە پێی باشە تورکیا لەدەرەوە بهێلڕێتەوە و دەنوسێ "ئەمەریکا ڕێگای خۆشکرد کە بەلێنێکی ڕوون و ئاکارئامێز بدات بە کوردەکان سەبارەت بەو شێوازی حوکمە ڕاستەقینەیەی کە خۆیان لە عێراقدا دەیانەوێ".)

---

## ڕۆژنامەی "حوریەت" ٢٠٠٣/٣/٧

## لەوە دەچێت لە باکوری عێراق کێشە ڕوودات

فاتیح ئالتایلی:

(چەند مانگێکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە باکوری عێراق لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا گەورەترین کێشە بۆ تورکیا پێکدێنێ. هەروەکو کۆتایی شەڕی یەکەمی کەنداو، لە دوایی ئەم شەڕەشدا لە باشوری ڕۆژهەلاتی تورکیا کێشەی جدی دەقەومێ، چونکە تورکیا نازانێ ئەمەریکا لەسەرچی لەگەڵ کوردەکاندا ڕێکەوتوە و ناشزانێ تا کوێ کاریگەریی ئەمەریکا بەسەریانەوە درێژ دەبێتەوە. ئەوەی دەیزانین ئەمەریکا ماوەیەکی درێژە لەگەڵ کوردەکانی باکوری عێراق و لەتەک "جوداخوازەکان"ی تورکیادا لە دانوساندایە) .

---

## ڕۆژنامەی "حوریەت" ٢٠٠٣/٣/٧

## کاتێک کە سیاسەتی کوردی نەبێت

خاتوو فەرای تینچ:

(نەدۆزینەوەی چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کێشەی کورد لای خۆمان، وایکردووە کە ئەم مەسەلەیە هەمیشە وەکو کارتێک لەدژی تورکیا بەکار بهێنرێ. ئەو پەیامانەی کە دوای بڕیارەکەی پەرلەمان لە واشنتۆنەوە هاتن، هەر سەرسوڕهێنەر نەبوون، بەڵکو گێچەڵئامێزیش بوون. ئەوان دەڵێن مادام تورکیا ئێمەی پێ قەبوڵ نیە، کەواتە پارە نیە و وا دەکەین کوردەکانیش سەربەست بن. ئەو پەیامانەی لە واشنتۆنەوە دێن، بەتەنیا بۆ تورکەکان نا، بەڵکو بۆ کوردەکانیش –لەبەر ئەوەی کراون بە کالایەک بۆ سەودا و مامەڵەکردن –ئابڕووچوونە) .

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت